# Kurdish/کوردی

## کانێکشنز (Connexions) چییە؟

کانێکشنز جۆرێک لە خزمەتگوزاریە بۆ گەنجانی نێوان ١٣ و ١٩ ساڵان کە دەوڵەت بودجەکەی ئەدات. ئەم خزمەتگوزاریە زانیاری، ڕاوێژکاری، ڕێنوێنی و یارمەتی کردەوەیی بۆ گەنجان دابین دەکات بە مەبەستی ئەوە کە ئەوان بتوانن کارێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن، دروست و شیاو فێر بکرێن وە لە کۆرسەکانی تەواوکاتی پەروەردە ئامادە بن. ئەم خزمەتگوزاریە لە ڕێگای ڕاوێژکارانی تایبەتی کە ڕاهێنراون وە کارمەندی کانێکشێنزن پێشکەش دەکرێت.

ڕاوێژکارانی تایبەتی لە خوێندنگەکان و کۆلێجەکان، لە ناوەندەکانی کانێکشنز، لە ناوەندەکانی گەنجان و ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان وە بە هاوکاری لەگەڵ زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی دیکە کار دەکەن. ئەوان دەتوانن زانیاری پێشکەش بکەن دەربارەی پیشەکان، ئیشەکان، کۆرسەکانی پەروەردە، کارکردنی خۆبەخشانە، وە هەروەها دەربارەی دەرفەتەکانی ڕاهێنان. ئەوان یارمەتی گەنجان ئەدەن بۆ تێگەیشتن لە زانیاریەکان، بۆ بڕیاردان دەربارەی هەڵبژاردنی ئەو دەرفەتانەی کە بۆ ئەوان باشترن، وە بۆ بەرنامەداڕێشتن بۆ داهاتوویان. هەروەها ئەوان دەتوانن یارمەتی گەنجان بدەن لەو کاتانەی کە گەنجەکان دەربارەی خانوو، پارە، تەندروستی و مافەکانی خۆیان نیگەرانییان هەیە وە سەرەڕای ئەمە، ئەوان دەتوانن ئامادەکاری و هەماهەنگی بکەن بۆ ئەوە لە کاتی پێویست یارمەتی تایبەتی و کارزانانەتر بۆ ئەو گەنجانە دابین بکرێت.

کانێکشنز بە یەکچاو وە یەکسان دەڕوانێت لە هەمووان، بەبێ ڕەچاوکردنی پێشینە، ڕەگەز، نێرومێیی، ئایین، توانایی و نەتوانایی، مەیلی سێکسی یان تەمەن. کانێکشنز دەتوانێت هەماهەنگی و ئامادەکاری بکات بۆ ئەوە هەرکات تۆ لەگەڵ ڕاوێژکاری تایبەتی خۆت دیمانە و گوفتوگۆ دەکەی وەرگێڕێکی زارەکی یارمەتی تۆ بدات. هەروەها کانێکشنز دەتوانت ئامادەکاریی بکات بۆ ئەوە هەرکات پێویست بوو نامیلکەکانی زانیاری بۆ تۆ وەربگێڕێتەوە سەر زمانی خۆت.

## چۆن لەگەڵ ئێمە پەیوەندی بکەی

بۆ زانیاری زیاتر کرتە بکە سەر www.connexions-cd.org.uk .
پەیوەندی بکە لەگەڵ ژمارە تەلەفۆنی خۆڕایی08009755111 بۆ ئەوە کاتێکی چاوپێکەوتن دەستنیشان بکەی بۆ دیدارکردن لەگەڵ ڕاوێژکاری تایبەتی وە بۆ ئامادەکردنی وەرگێڕێکی زارەکی.
سەردانی نزدیکترین ناوەندی کانێکشنز بکە - بۆ ئاگاداربوون لە کاتەکانی کراوەیی ئەو ناوەندانە سەردانی ماڵپەڕی ئێمە بکە.

**What is Connexions?**

Connexions is a government-funded service for all young people aged 13 to 19, giving them information, advice, guidance and practical help so that they can get a job, get the right training or go into a full-time education course. This service is given by trained Personal Advisers, who are employed by Connexions.

Personal Advisers work in schools and colleges, in Connexions centres, in youth and community centres and with many other agencies. They can give information about careers, jobs, education courses, working as a volunteer, and training opportunities. They help and support young people to understand the information, to decide what opportunities are best for them, and to plan for their future. They can also help young people if they are worried about housing, money, health and their rights and can arrange for young people to have more specialist help when needed.

Connexions treats people equally, irrespective of background, race, gender, religion, ability or disability, sexual orientation or age. Connexions can arrange for an interpreter for any interviews with a Personal Adviser, and can arrange for written information leaflets to be translated if this is required.

**How to contact us**

Click on www.connexions-cd.org.uk for more information.
Freephone 0800 9755111 to book an appointment with a Personal Adviser and to arrange for an interpreter.
Drop into your nearest Connexions centre – check out our website for opening times.